

# کوردبوون: والآکردنی مرۆڤایەتیی

هاوار محەمەد

چەند مانگێک پێش ناردنی ئەم وتارە بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری 'ئازادیی کۆمەڵگە'، لە قوتابخانەیەکی ناوەندی لە ئەڵمانیا، کە کوڕە دە ساڵانەکەم لێی دەخوێنێت، یەکێک لە قوتابییە تورکەکان چەند جارێک منداڵەکەمی بەوە ئەزیەت دابوو کە "کوردستان بوونی نییە"؛ "کوردەکان دەبێت بۆمباران بکرێن". دوای ئەوەی دەربارەی ئەم پرسوباسە لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانەکە قسەم کرد و داوای کۆبوونەوەم لەگەڵ خێزانی قوتابییەکە کرد، بۆم دەرکەوت کە بە کردەیی منداڵەکەیان پەروەردەیەکی نیمچەڕەگەزستانەی لە خێزانەکەوە وەرگرتووە. ئەوەی ئازاربەخش بوو، ئەوەبوو لە کۆتایی مشتومڕەکانماندا، دایکی قوتابییەکە بە ناچاری ئەوەی درکاند باوکی منداڵەکەی (کە چەند ساڵێکە لێی جیا بووەتەوە) "بە بنەچە کوردە"، لەبەر ئەوە "ئەو تۆمەتە ڕاست نییە کە منداڵەکەیان بە پەروەردەی دژایەتیی کوردەکان ڕاهێنابێت". پاساوی کۆتایی خاتوونەکە نەیتوانی بڕوام پێ بهێنێت؛ چونکە ئەمەی ئەم منداڵە وتوویەتی بۆ کورد نوێ نییە و لەو پەروەردەیەوە دێت وا دەوڵەت سەبارەت بە کورد و نیشمانەکەی دایڕشتووە. نەک تەنیا لە تورکیا، لە هەر کوێ بۆیان کرابێت دەرفەتی ژیانێکی ئاسوودە و یەکسانیان بۆ کورد نەهێشتووەتەوە، هەر وەک ئەو ڕاپۆرتەیش جەختی لەسەر دەکاتەوە کە تورکە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لەسەر "مەریخیش دەوڵەتێک بۆ کورد بە ڕەوا نابینن". ڕاستییەکەی پرسەکە "دەوڵەت" نییە و "ژیان"ـە، قەوارەی سیاسی نییە و "بوون"ـی کوردە.

نەک منداڵێکی گۆشکراو بە مەیلێکی توندڕەویی ناسیۆنالیستیی، کە خۆی هێشتا لێی تێناگات، نەک تورکپەرستێکی ئاسایی،

هەزارانجار دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا وتەی منداڵەکەیان بە گوێی دنیادا داوە. هەر لەم ماوانەی پێشوودا[1]، هەندێک لە بەرپرسانیان، چ لە کەمالییەکان و چ لە ئەدرۆگانییەکان، چەند جارێک ئەوەیان دووپات کردەوە کە "کوردستان بوونی نییە" و لە ڕێگەی ئەمەیشەوە دەیانویست بڵێن "کورد بوونی نییە". ئەم نکوڵییەی تورکان لە بوونی کورد، تەنیا لە وڵاتی تورکیا نا، بەڵکوو هەر لە "بوون"دا، لە "جیهان"دا، وا دەکات تورکیا لە هەموو جێیەک داینەمۆیەکی گەورەی فاشیزمی دژەکورد بێت و ڕێگری بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد بێت لەو وڵاتانەی دیکەشدا کە پارچەکانی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە.

## لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆگان

گەر بە زوویی، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخە مێژووییەکان، بەراوردێک لەنێوان عێراقی سەردەمی بەعس و تورکیای ئەمڕۆدا بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین فاشیزمی بەعس لە بەرانبەر میللەتی کورد و خاکی کوردانددا لێبووردەتر بووە تاوەکو فاشیزمی دەوڵەتەکەی ئەردۆگان؛ ئەمە ڕەنگە بە تەواوەتییش نادرووست نەبێت، چونکە عێراقی بەعس هەم هەرگیز تا ئەم ئاستە ڕاسیستییە نکوڵی لە بوونی کورد و کوردستان نەکردووە و هەمیش پێکهاتەیەکی سادەتری هەبوو کە تەنیا کۆکردنەوەی دەوڵەت و

---

١- ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠٢١دا نووسراوە و پێشتر لە هیچ جۆرناڵێک بڵاو نەکراوەتەوە. دوای پوختەکردنەوە، تەنیا یەکەم بڕگەی سەرەوە، حیکایەتی یەکەمین وتەی ڕەگەزپەرستانەم بەرانبەر منداڵەکەمم، بۆ زیاد کرد. نووسەر

عروبە بوو، بەڵام ئەردۆگانیزم ئاڵۆزترە، ئاوێتەیەکی ئایدیاڵیی دەوڵەتی مۆدێرن+ تۆرانییەت+ ئیخوانیزمە بە لافوگەزافێکی عوسمانلییانەوە (گۆڕینی مۆزەخانەی ئەیاسۆفیا بۆ مزگەوتی سەردەمی عوسمانییەکان، ژێستی دەستگرتنە بە میراتی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە).

ئەمە بەو مانایە نییە زەبروزەنگی بەعسیزم لە هی ئەردۆگانیزم کەمتر بووە، بەو مانایەیە پاڵنەری زەبروزەنگی بەعسییەکان زۆرتر "سیاسی" و کەمتر "وجودیی" بوو (دامرکاندنەوەی شۆڕش، سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، پرسی ئابووریی، ململانێی ناوچەیی و هتد)، بەعسییەکان کێشەیان لەگەڵ حزبە ناسیۆنالیستە یاخییەکان و بزووتنەوەی "ڕزگارییخوازی"ی کوردیدا هەبوو، بە یەک وشە لەگەڵ "کوردایەتیی"دا کە دواجار دەگات بە هەوڵی سڕینەوەی کورد. بەڵام تورکیا جگە لە کێشەی لەگەڵ سەربەخۆیی سیاسی، جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر خەونێکی "کوردایەتیی" بە توندوتیژیی، لەوە قووڵتر کێشە بنەڕەتییەکەی لەگەڵ "وجود"ی کورددایە (پرسی بوونی نەتەوەیی: کورد بوونی نییە؛ پرسی خاک: کوردستان بوونی نییە، پرسی زمانی دایک: قەدەغەکردنی زمانی کوردی). بەم جۆرە، وەختێک بمانەوێت لە سیاسەتی وڵاتانی سەردەست بەرانبەر بە کورد تێبگەین، ئەوا دەبێت مامەڵەی تورکیا لەگەڵ دۆزی کورد تایبەتتر ڕەچاو بکەین؛ چونکە نە "کوردایەتی"، نە "کۆلۆنیالیزم"، نە پرسی "دەوڵەت" بە تەواوەتی ڕەگەزپەرستیی تورکیامان بۆ ڕوون ناکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی لە ئەزموونی بەعسیزم و کەمالیزم و ئەردۆگانیزمدا هاوبەشە، سەروەریی ڕەها و نکوڵیلێنەکراوی "دەوڵەت"ە بەسەر سنووری دەستووریی خۆیدا، بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکانی ناویشیانەوە.

لە عێراقی سەردەمی بەعسدا سیاسەتی دەوڵەت پتر "بایۆپۆلەتیک" بوو، واتە ڕێکخستنی دانیشتووان، پرسی ئاسایش، کێشەی سنوور لەگەڵ ئێران، ڕێکخستنی فرەیی نەتەوەیی بە زامنکردنی بالادەستی بۆ عەرەب و هتد. لە تورکیا لە پاڵ ئیشکردنی بەردەوامی بایۆپۆلەتیکەوە، هەر لە کاتی ئەتاتورکەوە "دەوڵەت" پێگەیەکی پیرۆز و بالا وەردەگرێت، کە پیرۆزییەکەی لە بوونی خۆیەوە دێت، واتە لەوێوە کە دەوڵەتی نەتەوەیەکە. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی وەک دەسەلاتێک، کە لەسەر مۆدێلی "جێنشین"ی پەیامبەر (کە ئەویش لای خۆیەوە جێنشینی خودایە) دامەزراوە، دەرفەتی پەڕینەوە بوو بۆ شێوازێکی بەڕێوەبردنی "مۆدێرن" کە دەوڵەتێکە ڕەوایەتییەکەی لەخۆیدایە، واتە خۆی ترانسیێندنتاڵە، نەک بەهۆی ئەوەی جێنشینی هێزێکی بالایە، بەڵکوو هەر لە خۆیدا بالایە وەک لەشی نوێی سیاسی یەک نەتەوە. دەوڵەت بۆ ئەتاتورک ڕەوایەتیی "تاکاندن"ی هەیە، دەوڵەتی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئالایە، لەبەر ئەمە لە سەرەتای شەستەکاندا ئارەزووی نەتەوەپەرستانەی تورک ڕێکخراوێکی توندڕەوی وەک "گورگەبۆرەکان" دادەمەزرێنێت، کە لەو کاتەوە سەنگی چالاکیی خۆی لە دژایەتیی پرسی کورد و بوونی نەتەوەیی کورددا چڕ کردووەتەوە. ئەردۆگانیزم درێژەپێدەری هەمان ئارەزووی دەوڵەتخوازییە، بەلام بە تێپەڕاندن لێیشی بۆ سنوورەکانی دەرەوەی دەوڵەت. دەسەلاتی ئێستای تورکیا گەرچی لە کەمالیزم فشۆڵترە، کەچی پێ دەچێت هەم ترسناکتر بێت و هەم بێمۆڕاڵتریش، بەو پێیەی دەستوەردانی لە ولاتانی دەوروبەر

و هێرشیشی بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی تورکیا زیاترە؛ بگرە ئەردۆگانیستە تورکپەرستەکان لە سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاواشدا، بە بەرنامە و پەروەردە دژە کوردەکەیانەوە هەرگیز لە چەوساندنەوەی کوردان، هەر لە منداڵانی قوتابخانەوە تاوەکو تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسی و شۆڕشگێڕەکان غافڵ نەبوون.

ئێستا گەر لەم جیاوازییانە لە نێوان کەمالیزم و ئەردۆگانیزم، لەنێوان ئەتاتورک و ئەردۆگاندا بگوزەرێین، ئەوا دەکرێت هەردووکیان لە یەک چەقدا هاوبەش بن، ئەویش دەتوانین، بە ئامادەکردنی هەندێ یەدەگی تیۆری کە ئەم پرسەمان وەک کێشەیەکی ئۆنتۆلۆژی بۆ شی بکاتەوە، ناوی لێ بنێین "دژایەتیی بوونی کورد" یان "دژەکوردبوون" لە تورکیا. ئەمە بۆ زۆرێک لە ئێمە ڕوون و ڕاشکاوە. ئەو ڕەگەزپەرستییەی لە تورکیا بەرانبەر کورد هەیە، گەر لەو ڕەگەزپەرستییە زیاتر نەبێت کە لە ئەڵمانیای نازیدا بەرانبەر جووەکان هەبوو، کەمتر نییە. لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی نازیزم لە ماوەی دوانزە ساڵەی دەسەڵاتی خۆیدا مێژووی دژایەتیی جووی لە ئاوشڤیتزدا چڕ کردەوە، پاش ئەو ڕووداوە لە سەرجەم ڕووبەرەکانی کۆمەڵگەوە بەرەنگاری بە ڕووی دژایەتیی سامیدا دەنوێنرێت. لە تورکیا ماوەی سەد ساڵە، هەموو دەسەڵاتەکانی تورکیا لە سەرکوتی ڕاسیستانە دژ بە کوردەکان نەوەستاون و بەرگریی کۆمەڵگەییش لە کوردەکان، جگە لەو بەرخودانەی کە لە خودی کوردەوەکانەوە دێت و گەلێک نەتەوەی دنیاش تێیدا بەشدارن، زۆر گەورە نییە. کورد لە تورکیا پێشەنگیی ئەو هێزانەیە وا دژ بە ماشێنە ڕاسیستییەکانی دەوڵەت وەستاونەتەوە، نەک

تەنیا وەک خەباتێکی کاتیی دژ بە سوپایەک، بەڵکو وەک دارشتنی مۆدێلێکی دیکەی بەڕێوەبردنی ژیانی پێکەوەیی: پارادایمێکی دیکەی نەتەوەسازیی و سیاسەت.

## دادگاییکردنی بوونێک

بۆ ئەوەی لە شێوازی دژایەتیی کورد تێبگەین، پێویستە پێش هەموو شتێک کەمالیزم و ئەردۆگانیزم، تەنیا وەک دوو حزب، دوو ئایدیۆلۆژیای سیاسی، تەنانەت دوو ئەزموونی دەوڵەتداریی مۆدێرن نەبینین، بەڵکوو دەبێت بەر لەوە وەک دادگایەکی گەورە لێیان بڕوانین. ئەوان لە گەورەترین ئەو دادگایانەی مێژوون کە بوونی کورد ناچار کراوە بە نێویاندا تێبپەڕێت تاوەکو دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و تاوانباریی خۆی بسەلمێنێت؛ یان هیچ نەبێ بوونی خۆی پاساو بدات. مەبەست لە وشەی "دادگا" لەم سیاقەدا، ئەو شوێنە جوزئییە نییە کە ناوی دامەزراوەی دادگا [مەحکەکە]یە و دەشێت لە کەیسێکی دیاریکراودا عەدالەت تێیدا دەربکەوێت (کە زۆرجار دەرناکەوێت)؛ بۆ نموونە بابەتەکە ئەوە نییە کەسێکی کورد بە هەر پاڵنەرێک بێت، تاوانێکی مەلمووسی دیاریکراوی کردووە، دژ بە یاسایەکی وڵات وەستاوەتەوە، بیرەنەوتێکی تەقاندووەتەوە، سەربازێکی کوشتووە، بۆیە بە گوێرەی یاسای دەوڵەت دەبێت دادگایی بکرێت. هەروەها پرسەکە مەحکەمەی سەورە، دادگایی ئۆجالان و سەلاحەدین دەمیرتاش، یان دادگاکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵی دوای کودەتاکە نییە؛ بەڵکوو خودی بەعسیزم و کەمالیزم و ئەردۆگانیزمە وەک

دادگای پشکنینی بوونی کورد؛ واتە بینینی خودی کوردبوون وەک تاوان؛ تەنیا بەم جۆرەیشە باشتر لە ناوەڕۆکی زیندانیکردنی ئۆجالان و خەباتگێڕانی دیکەی کورد تێدەگەین.

لە ڕوانگە شۆڤێنیی ڕەگەزپەرستانەوە، کورد بە "بوون"ـەکەی تاوانبارە؛ تاوانەکەی ئەوەیە کە هەیە. بەم مانایە، دژایەتیی کوردبوون لە ئاستێکی فراوانتردا، دادگایی خودی "بوون"ـە: بۆچی کورد هەیە لە جیاتی ئەوەی کە نەبێت! ئەم پەڵپە بە بوون گەر لە پرسێکی سیاسییەوە پتر ئۆنتۆلۆژیی بکرێتەوە، ئەوا دەبێت "بوونی کورد ڕووەو مەرگ" تاوتوێ بکەین: کورد هەیە، بەڵام ئەو دازاینەیە کە بوونەکەی بە مەرگی تاقانەی خۆیەوە نووساوە، خۆی مەرگی خۆی بە کۆڵییەوەیە و هیچ کەسێک لەم مەرگەدا هاودەمی نییە. جا لەبەرئەوەی ئەم مەرگە سروشتی نییە و بۆ کورد پتر "سڕینەوە"ـیە، ئەوا بەرخۆدانی کورد بە جۆرێک وەڵامدانەوەی مەتەڵە هاملێتییەکەیە: "ببیت یان نەبیت". بەڵام دیسان ئەم پرسە هاملێتییە دەگاتەوە بە ئاپۆریا ئۆنتۆلۆژییەکەی هایدیگەر: "بۆچی بوون هەیە و نەبوون نییە؟"

کاتێک ڕەگەزپەرستێک دەڵێت "تۆ بوونت نییە"؛ یان کە دەڵێت "تۆ نابێت هەبیت"، یان لە نەرمترین پرسیاری دادگاییەکەدا "تۆ بۆچی هەیت؟": بەو مەبەستەیە بوونم دادگایی بکات. کاتێک بوونەکەم ببێت بە تاوان، کەواتە ناچار دەکرێم "نەبوون"ی خۆم هەڵبژێرم (بۆ نموونە ئاسیمیلەبوون). بەڵام تەنانەت ئەوانەیشی لە پرۆسێسێکی سەد ساڵەی سەرکوتدا بەوە ڕازیی دەبن ئاسیمیلە ببن و ببن بە تورک، ئاخۆ تورک خۆی بەوە ڕازی دەبێت کە

کورد "تورک" بێت؟ چەندە کورد خۆی بیری خۆی دەخاتەوە کە "کورد"ە و "تورک، فارس، عەرەب" نییە، هێندەیش ڕەگەزپەرستەکان بیری کورد دەخەنەوە کە کوردە، نەک وەک داننان بە بوونەکەیدا، پتر وەک هێماکردن بۆ "تاوانبار"ێک. ئەوان تەنیا ناڵێن "کورد بوونی نییە"، گەلێ جاریش دەڵێن تۆ کوردیت؛ ئەمە جووتمانایی دادگایی "کوردبوون"ە. ئەوان بە "ئۆجالان" دەڵێن "تۆ کوردیت، کەواتە دەبێت لە ئیمراڵی بیت". بە ئێمە دەڵێت "تۆ کوردیت" واتە "تۆ تاوانباریت"؛ تاوانبار دەبێت تاوانەکەی ببژێرێت. لەبەرئەمەیە سیاسەتی دژایەتیی کورد بەردەوام دوو پرۆسە بووە بە تەنیشت یەکەوە: لەلایەکەوە ئاسیمیلەکردن، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵکوژی؛ لەلایەکەوە کورد بوونی نییە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، لەلایەکی دیکەوە کورد بوونی هەیە وەک ئەوەی کە نابێت هەبێت؛ وەک بوونێک بۆ سڕینەوە. ئەمەیش لەبەرئەوەی هەر ئەوەی کە ئاسیمیلەت دەکات، خۆی ڕێ نادات بە تەواوەتی ببیت بە ئەو، چونکە بوونی ئەو "ئیمتیاز"ە و نادرێت بە هەموو کەسێک. دیسان ئەمە ئەو مانایەی هەیە کە ئاسیمیلەبوون ڕێ ناگرێت لە هەوڵی سڕینەوە بە زەبروزەنگ. بەم مانایەیە کە بوون هەیە و نەبوون نییە: ئێمە وەک کورد هەین و وەک ناکورد نین. ئەم "وەک ناکورد نین"ە چەندە واتای ئەوەیە کە کاتێک "ناکورد بین ئیتر بوونمان نییە"، هێندەیش واتای ئەوەیە ئێمە کوردین و غەیری کورد نین.

لێرەوە بوونی کورد جۆلانێیەکە لەنێوان بوون و نەبوون، لەنێوان سڕینەوە و خەبات، لەنێوان بوونی ئازادانە و بوونی بەندکراودا. کورد وەک ئەرێگۆی بوونی خۆی کە هاوکات مەرگی خۆیشی هەڵگرتووە،

بە ناچاری بوونی هەیە. بەعسیزم و کەمالیزم و ئۆردۆگانیزم پەڵپن بەم "بوون"ـە کە "نەبوون" نییە: "بۆچی تۆ هەیت؟" "کە هەیت بۆ کوردیت؟". جەوهەری ڕاسیزمی ئەردۆگانیزم بریتییە لە دژایەتیی بوونی پەتی کورد بەر لە هەر دژایەتییەکی سیاسی. لەم دادگاییە ئۆنتۆلۆژییەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شیکارییە هایدیگەرییەکە بۆ کورد وەک "بوونێک ڕووەو مەرگ" لەوێدا کورت دەهێنێت، کە بۆ کورد ئەوە "مەرگ" نییە بە کۆڵییەوەیە، بەڵکو خودی "بوون"ـیەتی. هەر کوردێک ناچارە لەبەردەم پرسیاری "بۆچی هەیت و بۆچی کوردیت"ـدا، بەردەوام "پاساو"ـی بوونی خۆی بداتەوە، دان بە تاوانباریی خۆیدا بنێت؛ بەڵام زۆرینەی کورد نە پاساو دێنێتەوە، نە دان بە تاواندا دەنێت؛ بە پێچەوانەوە، خەبات دەکات. ئەمە دەیکاتە بوونێکی دووجار تاوانبار.

## کوردبوون

ئێمە فڕێدراوینەتە نێو بوونەوە، بمانەوێت یان نا هەین، بوونێکمان وەرگرتووە کە لە ئاستی ئەو شتەدا وا ئیمانوێل لیڤیناس ناوی لێ دەنێت ئیلیا (il y a) قابیلی جێهێشتن و سڕینەوە نییە، چونکە ئیلیا بوونێکە کە دوای سڕینەوەی هەموو شتێک، دەمێنێتەوە. واتای ئەم چەمکە ئەوەیە کە "شتێک هەیە" es gibt. ئێمە هەین، وەک کورد هەین، بوون خۆی ئەم بوونەی بەسەرماندا سەپاندووە. تەنانەت ئەگەر حاشایشی لێ بکەین، یان هەلومەرج یان شوێنی هەبوونیشمان بگۆڕین، هێشتا ئەم فاکتە ناگۆڕێت. کەواتە ئێمە لە بوونێکداین کە وەک فاکت هەیە؛ بوونێک کە فاکتێتیی Faktizität هەیە.

فڕێـدان Geworfenheit یـان فاکتـی بـوون [Sein/Being] بـە بوونێتـی [Existence]ـێکەوە نووسـاوە کـە قابیلـی هەڵبـژاردن و بڕیاردانـی سـوبێکتیڤانە نییـە، هـاوکات بونیادێکـی تێنەپـەڕە کـە لەوپـەڕی ڕووتبوونـەوە لـە هـەر زیادەیەکـی تێوەپێچـراو (دەسـەڵات، سـامان، دەوڵـەت، جەنگاوەریی و... هتد)دا دەردەکەوێت. بـەم جۆرە بوونێتیـی وەک فڕێـدان، وەک بوونێکـی بنجبـڕی سـەپێنراو، بـە بـێ ئیمکانـی هەڵهاتـن لێـی، جەخـت لەسـەر خـۆی دەکاتـەوە (Levinas: ٢٠٠٣, p.٧٥.). هـەر لەبـەر ئـەم مەحاڵێتیـی هەڵهاتنەیـە کـە بوونێکـی سـامناکە. بـەڵام هـاوکات فڕێدان وەک بوونێکـی پەتیی تێنەپـەڕ، وەک ئیلیـا، دەرفەتـی ئەوەمـان پـێ دەدات هەڵبێیـن و "ببیـن". ئەمـەی کـە هەڵهاتـن لێـی مەحاڵـە خـۆی ڕەخسـێنەری هەلـی هەڵهاتنـە. چۆن؟

ئیلیـای کورد یـان "کوردبوون" ئەوەیـە ناتوانین لێی هەڵبێین، بەڵام ئـەوەی کـە "کـورد چ بوونێکـی هەیـە" تـەواو کامڵ و یەکلاوەبوو نییە. "کـورد هەیـە" واتـە لـە هەمـوو دۆخێکدا کـورد وەک "هەبوو"seind ـێک هەیـە، بـەڵام وەک "بـوون" sein خـۆی هێشـتا لـە پرۆسـەی "بوون"ـدایە، واتە دەرفەتی ئەوە تاڕادەیەک کراوەیە کە "کورد" چۆن بێت؛ بۆ ئـەوەی کـورد "وەهـا" بێت، دەبێت هـەر ئێسـتا لـە "ببێت"دا بێت. ئەمـە دوو مانـای "بوون"ـە کـە لیڤینـاس بـە هاوکاریی هایدیگەر دیارییـان دەکات. بوونێـک وەک "نـاو"، وەک هەبوون، فۆڕموەرگرتوو، واتـە وەک بوونـەوەر. ئەویتریـان "بـوون" وەک فرمـان، وەک خـودی کارایـی فرمانـی بـوون، بـوون لـە دۆخـی "ببـوون" یـان "ڕوودان"ـدا. کاتێـک دەڵێیـن "کـورد نەتەوەیەکـی فرەخـوازە"، ئـەوا دەبێـت نـەک تەنیـا لـە ڕابـردوودا، بەڵکـو حاڵـی حازریـش "فرەخوازی"ـیەکەی لـە

ڕووداندا بێت. ئەمە وەک ئەوەیە دوو گوتە لێک جیا بکەینەوە: "باران هەیە"، "باران دەبارێت". بارینی باران فرمانێکە لە دۆخی ڕووداندا، کە خودی بارینەکە بکەرەکەیەتی، واتە باران لە کردەی "بارین"ەوە پەیدا دەبێت و هیچیتر، باران هەڵهاتنی ئاوە لە خۆی وەک شتێک کە هەیە. ئاو دەبێت بە باران؛ بارانیش ئەوەیە کە کردەی هەنووکەیی بارینەکەی وای لێ دەکات هەبێت.

کوردبوون هەڵهاتنی ئێمەیە لە "هەبوونێک" کە وەک فاکت (لەدایکبوون، خوێن، زمان، ناسنامە) هەمانە بەرەو "بوونێکی ئازاد" لە دۆخی ڕووداندا، بەرەو کرانەوە بەسەر دەرەوەی سنووری داخراوی فاکتی بوونەکەمدا. بە دەربڕینێکی تر: کوردبوون واتای ئەوەیە کە ڕوو لە دەرەوەی ئیگۆی خۆمان دەکەین، تاوەکو بەسەر ڕووبەری کراوەی فەزای تر، شوێنی تر، بەسەر "ئەویتر"دا بکرێینەوە؛ لە بازنەی داخراو و بەرتەسکی خۆمان دەرچین و هەلومەرجی "بوونێکی دیکە" کە "بوونە وەک فرمانی بوون" to be بڕەخسێنین. زۆرینەی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لە لەشی دەوڵەتدا ڕەقهەڵگەڕاون و توانای جووڵەی ئازادانەیان نەماوە؛ ئەوان هەن وەک ناو، نەک وەک فرمان. بوونی کورد، بەو پێیەی لەشی دەوڵەت لە قاڵبی نەداوە، لە دۆخی فرمان، کار، ڕووداندایە؛ هەر لەبەرئەمە تەنیا کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێت جۆرێک بوونی دیکەی پێکەوەیی بڕەخسێنێت. ئەمە بەو مانایەیە کە کورد لەبەرئەوەی پۆتێنشیەڵە نەتەوەکەییەکانی لە دەوڵەتدا قەتیس نەبووە، کەواتە هێشتا پۆتێنشیەڵەکانی پارێزراون، هێشتا لە دۆخی نەتەوەسازییەکی کراوەدایە، لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەی دیموکراتی ئازاد.

بوونی نەتەوە لە دەوڵەتدا، بوونی دەوڵەتی نەتەوە، لەسەر بنەمای "خۆیەتی" دادەمەزرێت، لەسەر بنەمای ڕووتبوونەوە لە ئەوانی تر و سەروەریی شووناسنامەندانەی ئیگۆیەکی تاقوتەنیا لەسەر قەڵەمڕەوییەکەی، لەسەر "ماڵ"ـی خۆی. ماڵ هی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتە، هی ئەو نەتەوەیە کە لە دەوڵەتەکەدا زاڵێتیی هەیە و ئیدی هی کەسی دیکە نییە. بە پێچەوانەوە ڕەخساندنی هەلی بنیاتنانی نەتەوەی دیموکرات لەسەر بنەمای "لەگەڵبوون" دادەمەزرێت. ئێمە لەگەڵ ئەوانیتردایین بەشێوەیەک کە ئازادیی و سەروەریی هەریەکەمان تەنیا بەو جۆرە پارێزراوە کە لە "پێکەوەبوون"دا بین. نەتەوەی دیموکرات یەک نەتەوە نییە، بەڵکوو "گەل"ـە؛ گەل واتە زۆرێتی، فرەیی. لەگەڵبوون واتە گەلبوون، واتە گەلێک کە زۆر و فرەیە: بوون لە فرەییدا.

## پۆتێنشیەڵ و ئینێرژیا

ئەوەی وا دەکات ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان لەم تێزە تێنەگەن، ئەوەیە ئەوان کورد وەک "هەبوو" و وەک "بوونەوەر" دەبینین. کورد وەک کورد هەیە و دەبێت کورد تەنیا لەگەڵ کوردێکی دیکەدا بێت لەسەر بنەمای خوێن، ڕەگەز و زمان، دواجار کورد ناوی هەبێت. بەڵام کوردبوونێک کە لە دۆخی ڕووداندایە، لە دۆخی نەتەوەسازییدا، لەسەر بنەمای فرەیی، نزیکایەتیی، هاوشوێنیی، برایەتیی، هەڤاڵێتیی دادەمەزرێت. لێرەدا کورد نابێتە ژێردەستە، لەژێر شووناسی ئەوانی تردا ناتوێتەوە (تەنانەت ئەوانیتر بەم توانەوەیە ڕازی نین)، بەڵکوو هەلومەرجێک بۆ نەتەوەی دیموکراتیک دەڕەخسێنێت کە تێیدا هەر نەتەوە و ڕەگەزێک خۆیەتی لە دۆخێکدا کە ئەویتریش

خۆی بێت و "من" نەبێت. کوردبوون لە ئێستادا واتە هەلومەرجی ڕەخساندنی ئەم مۆدێلە لە پێکەوەبوون، نەتەوەسازیی ئازاد کە لە لایەنیکەمی ئاشتیی لەگەڵ یەکتریدا دەژین. کورد تەنیا ئەو کاتە بوونەکەی زامن دەبێت کە لەنێو خۆی و لەگەڵ ئەوانی تریشدا لە پێکەوەبوون و جیاوازیدا بێت. پێکەوەبوون دەرفەتی جیاوازییە و جیاوازییش دەرفەتی پێکەوەبوون. نە نەوت، نە پارە، نە دەوڵەتیش زامنی ئەوە ناکەن کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ، گرنگ و سەرەکیی ناوچەکە بێت، تەنیا لە ڕێگەی پارادایمێکی دیکەی سیاسەتەوە نەبێت، کە کوردبوون نەک "ناسیۆنالیزمی ڕاستڕەو" بنەماکەی بێت. بە حوکمی هەلومەرجی مێژوویی و واقیعی ناوچەکە، تەنیا کورد وەک بوونێکی کراوە توانای ڕەخساندنی ئەم هەلومەرجەی هەیە، تەنانەت ئەگەر فشارەکان زۆر و میکانیزمەکانی وەدیهێنانی گشتیی ئەم نەتەوەیە کەم بن. وێڕای هەر بەربەستێک، پۆتێنشیەڵ و ئینێرژییەکە هێشتا هەر لە کورددایە.

فەیلەسوفی ئیتاڵی، جۆرجیۆ ئاگامبێن لە کتێبی "داهێنان و ئەنارشیەت" Creation and Anarchyدا وەختێک تاوتوێی ئەو پرسیارەی ژیل دۆلۆز دەکات کە "داهێنانی هونەریی چییە؟" پێی وایە لە هونەردا جیاوازییەکی نەسڕدراوە لەنێوان "بەرهەم" work و داهێنان creationدا هەیە. بەرهەم یان کاری هونەری ئەوەیە کە تەواو بووە و ئێمە دەتوانین لە پێشانگادا پیشانی بدەین، لەبەری بگرینەوە، تەماشای بکەین، بە دیواردا هەڵیواسن. بەڵام داهێنان کارێکە لە دۆخی بەرهەمهێناندا، کارێکە هێشتا تەواو نەبووە و لە پرۆسەی "خوڵقاندن"دایە. ئاگامبێن بۆ ئەوەی ئەم

پرسـی "خوڵقاندن"ـە ڕوون بکاتـەوە، لـە وەڵامەکـەی دۆلـۆزەوە دادەگەڕێـت بـۆ جینالۆژیـای پرسـەکە لـە یۆنانـی کۆنـدا؛ لەوێـدا هـەردوو چەمکی پۆتێنشـەڵ و ئینێرژیا وەک دوو ڕەگـەزی داهێنان لێک جودا دەکاتـەوە. خوڵقانـدن بریتییـە لـە پاراسـتنی پۆتێنشـیەڵێک و ئیشـکردنی ئینێرژییـەک. پۆتێنشـیەڵ دینامیکـە و ئینێـرژی "بـوون-لە-دۆخـی کار" being in workـدایە. ئـەوەی جێی سـەرنجە بـوون لـە دۆخـی کاردا، ئینێرژیـا، هێشـتا وەک بەرهەمێـک وەدی نەهاتـووە، چونکە خوڵقاندنەکـەی، خـودی بەرهەمەکەیـە. بەرهەمـی ئینێرژیایـەک ئیشـکردنی ئینێرژییەکـە خۆیەتـی، هـەر خۆیەتـی لـە دۆخـی ئیشـکردندا:

"ئەرسـتۆ دەنووسـێت کـە ئامانـج telos بریتییـە لـە بەرهـەم/کار ergon، بەرهەمیـش ئینێرژیـا energeiaـیە، خسـتنەگەڕ یـان بـوون-لە-کاردایـە: لـە ڕاسـتیدا تێرمـی energeia لـە بنەڕەتـدا لـە egon ـەوە هاتـووە دواتـر بـەرەو کامڵبـوون entelecheia دەڕوات". بـەڵام "کاری مرۆیـی ئینێرژیـای ڕۆحـە بـە گوێـرەی لۆگـۆس، ئەمەیـش جارێکـی تـر واتـە چالاکییـەک بـە بـێ بەرهـەم، یـان تێیـدا بەرهـەم/کار لـە دۆخـی چالاکیی خۆیـدا لەخـۆ گیـراوە، چونکـە ئـەو شـتێکە کـە هەمیشـە لە-کاردایـە at-work." (Agamben: ٢٠١٩, p. ٥,٧).

ئـەی پۆتێنشـیەڵ چییـە؟ هەمـان ئینێرژییـە، بـەڵام لەبـری ئـەوەی تەنیـا لـە دۆخـی کاردا بێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی بەرهـەم، دەتوانێـت لە-کاردا-بوونـی خـۆی هەڵپەسـێرێت. پۆتێنشـیەڵ ئەوەیـە کـە دەتوانێـت بـکات، بـەڵام دەشـتوانێت نـەکات. "پۆتێنشـیەڵێک دەتوانیـت هـەم شـتێک بخاتـە کار و هەمیـش شـتێک نەخاتـە کار... پۆتێنشـیەڵ بـە شـێوەیەکی جەوهەریـی بـەوەدا دەناسـرێتەوە کـە توانـای نا-کارابوون

non-exerciseی هەیە... (بۆ نموونە) تەلارسازیی ئیمکانە تا ئەو جێیەی کە دەتوانێت هیچ بنیات نەنێت. پۆتێنشیەڵ هەڵپەساردنی ئەکتە" (Agamben: ٢٠١٩, p.١٧.). کەواتە پۆتێنشیەڵ لە یەک کاتدا ئیمکان و نا-ئیمکانە؛ هەر پۆتێنشیەڵێک ناپۆتێنشیەڵ Impotential ی هەمان شتیشە؛ "لێرەدا نا-پۆتێنشیەڵ مانای غیابی پۆتێنشیەڵ نییە، بەڵکوو پۆتێنشیەڵی شتەکەیە بۆ نەکردن، پۆتێنشیەڵی نا... potential not-to". (Agamben: ٢٠١٩, p.١٧.).

ئێستا پۆتێنشیەڵ و ئینێرژیای بوونی کورد چییە؟ ئەوەیە کورد بوونێکی هەیە کە ئیمکانی گۆڕانی نەزمی دەوڵەت-نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هاوکات توانای هەڵپەساردنی پۆتێنشیەڵی بەرهەمهێنانەوەی هەمان مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە، یان مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هەیە. کوردبوون پۆتێنشیەڵە بۆ پێکەوەژیان لە نەتەوەیەکی ئازاددا، بەڵام ناپۆتێنشیەڵی بوونی دەوڵەتێکی تاکگەرای تۆتاڵخوازیش. هاوکات ئینێرژیای کوردبوون ئەوەیە کە حاڵی حازر لە ڕۆژئاڤا و باکوور لە دۆخی ڕووداندایە، لە دۆخی بووندا، لە دۆخی خەباتدا بۆ هێنانەئارای سیاسەتێکی نوێ، بۆ والاکردنی پۆتێنشیەڵی نوێ. ئەوەی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتیش ڕوو دەدات، دیسان ئینێرژیای کوردە، بەڵام ئینێرژیایەک کە لە کوردایەتیدا وەدیی هاتووە، لە کوردایەتیدا بووە بە "بەرهەم" و پۆتێنشیەڵی نەماوە. بەرهەمی ئەم دوو بەشە "حکومەتی هەرێمی کوردستان"ە. ئەوەی هەیە لایەنیکەم تا ئێستا کۆی پۆتێنشیەڵی وەدیهاتووی کوردایەتییە و پۆتێنشیەڵی شاراوە و خەوتووی دیکەی نەماوەتەوە.

دەرچـوون لـە بوونـی ڕووت بـۆ تێنشـیەڵی کردن/نەکـردن و ئینێرژیای لە-کردەدا-بوون (خسـتنەگەڕ نەک وەدیهاتنی پۆتێنشیەڵ) بـە واتـای هەڵهاتنـە لـە مانـای ڕووتـی بـوون، یـان بـۆ مانـای بـوون وەک فرمـان، چالاکـی، کار؛ واتـە دواجـار لـە پەیوەندیی خوێنـەوە بـۆ نەتەوەسـازیی لەسـەر بنەمـای مۆدێلێکی دیکـە. ئەردۆگانیـزم هەوڵێکە بـۆ شـکاندنی ئـەم هێڵـی هەڵهاتنـە، ڕێگرتنـە لـەوەی "بوونـی چالاکـی ئـازاد"ت هەبێـت کـە لـە چوارچێـوە بەرتەسـکەکانی خـۆت بـەرەو جیهانـی ئەگـەرە والاکان ڕەهـات بـکات. ئەردۆگانیـزم بەسـەرماندا دەسـەپێنێت کـە کوردبیـن وەک بوونێکـی وەسـتاو و چەقیـوو، بـێ پۆتێنشـیەڵ و بـێ ئینێرژیـا، تـا دادگایـی بوونەکەمـان بـکات و بـە تاوانێـک قەرزدارمـان بـکات کـە دەبێـت بـۆ ئەبـەد بیدەینـەوە.

## جووبوون، کوردبوون، مرۆڤایەتیی:

گـەر لـە شـیکاریی لێڤینـاس بـۆ فەلسـەفەی هیتلەریـزم بڕوانیـن، ڕوونتـر لـەم خاڵـە تێدەگەیـن. لێڤینـاس لـە وتـاری جووبـوون Being Jewishـدا ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە ئەزموونـی هیتلەریـزم ئـەوەی بیـری جـووەکان خسـتنەوە کـە بوونەکەیـان بـۆ ئـەوە ناشـێت لەبیـر بکرێـت؛ بیـری خسـتنەوە کـە ناتوانـن لـە دۆخـی خۆیـان هەڵبێـن. هیتلەریـزم وای کـرد ئـەو جووانەیشـی لـە جووبوونـی خۆیـان دوور کەوتبوونەوە، دووبارە بکەونەوە نێو بوونەکەی خۆیانەوە (Levinas: ١٩٤٦, p. ٢٠٨)؛ چونکـە لای نازیـزم هیـچ جوویـەک نییـە جـوو نەبێـت، هـەر جوویـەک ناچـارە تاوانـی جووبوونـی خـۆی هەڵبگرێـت. توانـەوە و ئینتیگراسیۆنی بەشێکی زۆری جووەکان لـە کۆمەڵگەی ئەورووپییدا،

ئەوانی لە هۆلۆکۆست ڕزگار نەکرد. لە وتاری ئیلهامە ئاینییەکانی هاوپەیمانیدا لیڤیناس شتانێکی لەم جۆرە دەنووسێت:

«چارەنووسی غەمگینی جووبوون بووەتە بەڵا و نەهامەتیی. هیچ کەس ناتوانێت لێی هەڵبێت. جوو خراوەتە نێو جوولەکایەتییەوە و دەرفەتی دەرچوونی لەمە بۆ نەهێڵراوەتەوە [...] لە سیمبۆلێکی بەربەری و بەرایی [نا-شارستانی]ی ڕەگەزدا... هیتلەر بانگەشەی ئەوەی کردەوە کە کەس ناتوانێت لە جووداییزم هەڵبێت» (لە وتارێکی جاک ڕۆلاندەوە وەرگیراوە کە وەک پاشکۆی کتێبی "لەهەڵهاتندا"ی لیڤیناس بڵاوی کردۆتەوە).

لەبەرئەمەیە لیڤیناس لای وایە ئەو تێزەی سارتەر بۆ جووبوون دەقیق نییە کە پێی وایە شووناسی جووەکان بەتاڵە و خۆیان دەتوانن جەوهەرێک بۆ خۆیان درووست بکەن:

«تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە فاکتی بوونی جوو بەتاڵە و لە جەوهەردا دیاریی نەکراوە، ئەمەیش بە گوێرەی تێزە سارتەرییەکە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت جەوهەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، ئەوا ئەم فاکتە، لە فاکتێتییەکەی خۆیدا، ناکرێت بە بێ هەڵبژاردن وێنا بکرێت. بەڵام فاکتی جوو بەم جۆرەم نییە، چونکە ئەو مێژووە پڕە لە مێژووی موقەدەس، ئەم گەلە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی موقەدەس، چونکە ئەو خۆی فاکتێکی لەم جۆرەیە. بە دەربڕینێکی تر، جوو بریتییە لە ڕووداوی هێنانی ئایین بۆ نێو دنیا» (Levinas: 1946, p.209.).

لێرەوە لیڤیناس لای وایە جوو وەک گەلێک کە خۆی بە گەلی هەڵبژاردەی خودا دەزانێت، هەستێکی میتافیزیکی بە جووەکان

بەخشیووە، بەڵام لە پانتاییەکی تەواو مرۆییدا. ئەم هەڵبژاردنە ئیمتیاز و بالایەتیی، دەوڵەت و دەسەلات نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە جوو بۆ ئەوانی تر، لەپێناو ئەوانی تردا، لەپێناو مرۆڤایەتییدا هەیە. جووبوون واتە واتە بوونێکی ئەخلاقی لەپێناو ئەوی تردا، لەپێناو ئاشتییەکی ئیسکاتۆلۆژیدا، کە تەنیا بەم جۆرەیە پۆتێنشیەڵی مرۆڤایەتیی دەرەخسێت.

لە ڕاستیدا ئەوەی لیڤیناس دەربارەی "جووبوون" دەیڵێت، پتر بۆ "کوردبوون" درووستە، بەو مەرجەی جیاوازیی شیکارییەکەی ئێمە و لیڤیناس لەبەرچاو بگیرێت کە جیاوازی خودی "جووبوون" و "کوردبوون"ـە. جیاوازیی سەرەکی ئەم دوو گەلە لە ئێستادا ئەوەیە کە "جووبوون" لە ئیمکانی خۆی بۆ والاکردنی "مرۆڤایەتی" کەم کردووەتەوە و "دەوڵەت"ـێکی شووناسمەندانەی داخراوی هەڵبژاردووە. دەوڵەتێک کە لە زۆرینەی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە ڕەگەزپەرستتر و توندڕەوترە، دەوڵەتێک کە لەشێکی ڕەقوتەقی لە ئیسرائیلێکی ڕاسترەودا بە جووەکان بەخشیووە و جوودایی‌یزمی لەژێر هەژموونی زایۆنیزمدا خەفاندووە. زایۆنیزم وای کرد جوو چیتر لەپێناو "ئەوانی تر"دا نەبێت، بەڵکوو لەپێناو "خۆی"دا بێت؛ لەپێناو ئەوەدا کە ئیگۆی خۆی بەشێوەیەکی کۆلۆنالیستییانە بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت (بۆ نموونە لە ڕێگەی درووستکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونەوە لە ناوچە فەلەستینیشینەکان و نیشتەجێکردنی جووی توندڕەو تێیاندا). دەوڵەتێکی پڕ زەبروزەنگی وەک ئیسرائیل واتای ئەوەیە کە جووەکان ئیدی وەک نەتەوە سەردەستەکانی دیکە دەوڵەت، دەسەلات، دامەزراوە،

دەزگای هەواڵگریی، سوپا، پۆلیس، سەرکوت، جیاکاریی، جەنگ، داگیرکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی هەیە. کورد گەرچی ئیمتیازی باڵای نییە و هەستی گەلی هەڵبژاردەی ئاسمانی نییە، بەڵام هەلومەرجی بوونەکەی، شێوەگرتنی مێژوویی مێنتاڵیتییەکەی و ئارەزووە سیاسیەکانی، پۆتێنشیەڵی واڵاکردنی "مرۆڤایەتیی"یان بۆ ڕەخساندووە؛ ئەمەیش هەڵهاتنێکە لە بوونێکی ڕووت لە شێوەی "کورد"دا بەگوێرەی پەیوەندیی خوێن، بۆ بوونێکی کارا کە نەک بۆ کوردایەتیی، بەڵکوو بۆ نەتەوەسازییەکی ئازادانە تێدەکۆشێت.

لە شرۆڤەی لێڤیناسدا هەڵهاتن ئاسان نییە. کاتێک هەڵدێین تووشی هێڵنج دەبین، دەڕشێینەوە، ژان و ئازار تەنگمان پێ هەڵدەچنێت. ئەمە کرداری خودی بوونە کە هەر جارێک نزیکبین لەوەی بە تەواوەتیی لە خۆمان دەربچین، بە بوونی خۆمانەوە داماندەکوتێتەوە و تێماندەگەیەنێت کە "ئێمە لەشێکین" لەژێر جەبری بوونێکی ڕووتدا و ناتوانین بە تەواوەتیی جێی بهێڵین. لای هایدیگەر نیگەرانی و ترس لە مەرگ بە بوونی خۆمانەوە داماندەکوتێت، بەڵام لای لێڤیناس هێڵنجە کە دیسان دەمانگەڕێنێتەوە سەر بوونە تاقانەکەی خۆمان. ئەمەیش وا دەکات کە ئێمە هەم هەڵبێین و هەم هەر خۆمانیش بین، هەڵهاتن بە واتای ئەوە نییە تۆ دەستبەرداری بوونەکەت دەبیت، بوونەکەت خۆی لە ڕێگەی هێڵنج و ڕشانەوەوە ڕێ بەمە نادات. بەم مانایە کاتێک ئێمەی کورد هەوڵ بۆ نەزمێکی دیکەی پێکەوە ژیانی سیاسی دەدەین و دەمانەوێت لەم هەلومەرجی بوونەی ئێستا دەربچین، ئەوا ئەمە بە واتای "وازهێنان لە کوردبوون" نییە، بە پێچەوانەوە ڕێک

کرداری کوردبوون خۆیەتی کە وامان لێ دەکات ئەم هەلومەرجە بۆ هەلومەرجێکی تر جێبهێڵین و کەچی هەر کوردیش بین. ئەمە ئەو ساتەیە کە ئیلیا وەک جەوهەری بوون دەبێت بە کردار؛ واتە جەوهەری بوون وەک فرمانی بوون.

بەلام هەڵهاتن بەرەو کوێ؟ بۆ جووەکان چیتر پرسیاری "هەڵهاتن بەرەو کوێ؟" سەنترال نییە؛ تەنیا خودی پرسی هەڵهاتن بۆیان بە تەواوەتیی ئۆنتۆلۆژی دەکەوێتەوە؛ چونکە ئەم گەلە بە درێژایی مێژوو لە دەرچوون و جێهێشتندا بووە؛ وەک لیڤیناس دەڵێت جوودابیزم هەوێنی غەریبایەتییە؛ هەر لەبەرئەمە بوونیشیان بووەتە بوونێکی فەلسەفی. بۆ کوردەکان پرسەکە بە جۆرێکی ترە. کورد لە مێژوویەکی درێژدا پەیوەندیی خۆی بە خاکەوە پاراستووە؛ وەک "چیاکان" بەردەوام جەختی لەسەر جێگیری و ڕیشەی خۆی کردووەتەوە. تەنانەت لە ڕووی هەلومەرجی جوگرافییشەوە، سرووشتی ناوچەی کوردستان، ڕەنگە ئەو تێزە پووچەڵ بکاتەوە کە دەڵێت گوایە کوردەکان کۆچەر بوون. کۆچی کورد تەنیا گەرمیان و کوێستان بووە لە نێوخۆی سنووری کوردستاندا، لەلایەک، سرووشتی سەخت و شاخاوی ناوچەکە کەمتر دەرفەتی جووڵە و ڕۆیشتنی داوە؛ بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا. لە کاتێکدا کۆچەرەکان پتر لە ناوچە تەختەکاندا دەجووڵێن. لەلایەکی تر، بەپیتیی ناوچە پێدەشتەکانی کوردستان، کە هەلی جووتیاریی ڕەخساندووە و ئەمەیش مرۆڤ بە خاکەوە گرێ دەدات، بە پێچەوانەی گەلی ئیسرائیل کە بەهۆی هەلومەرجی دەربەدەرییانەوە، پتر شوانکارە بوون. بێگومان ئاژەڵداریی و

جووڵەی گەرمیان و کوێستان لەنێو بەشێک لە خێڵە کوردەکانیشدا هەبووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی "دەرچوون"ی بەکۆمەڵ؛ هەر لەبەر ئەمە، کورد پتر وەک جەنگاوەر لەسەر خاکی خۆی ناسراوە.

لەبەر ئەم هۆکارانە کوردەکان ناتوانن بە سادەیی پرسیاری هەڵهاتن بەرەو کوێ؟ وەلا بنێین؛ بەو مانایەی بوونی کورد دەبێت پتر بەرەو بوونێکی هاوکات سیاسی-فەلسەفی-ئەخلاقی بڕوات نەک ئایینیی. بۆ ئەوانەی ئەزموونی هەڵهاتنیان نییە، هێڵنجەکان توندترن، ڕشانەوە و ژانی لە-پرۆسێسدابوونی-بوون سەختترە و ڕەنگە ببێتە هۆی مردنیش. وێڕای ئەوەیش هەندێک وەڵام هەن: کورد پێویستە بەرەو دەوڵەت لە خۆی دەربچێت (وەک جووەکان کە بەرەو دەوڵەتی ئیسرائیل دەرچوون). دەوڵەت گەرەنتیی سەرفرازی و ڕزگارییە. ئەمە زیاتر وەڵامی ئەوانەیە کە لە بوون وەک "ناو" تێدەگەن، واتە وەک بوونەوەر، وەک کیانی سیاسی. گەر میتافۆڕی دەریا بەکار بهێنینەوە، دەتوانین ئەم دەوڵەتە بە دورگەیەکی بچووکی نێو ئۆقیانووسێک بچووێنین کە تەنیا بۆ ماوەیەک هەڵهاتن دەوەستێنێت؛ شتێک لە جێگیری و پشوو دەبەخشێت، بەڵام ناتوانێت فاشیزمە دژە-کوردبوونەکانی دەوروبەر و مەترسی کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی و داگیرکارییەکانی وڵاتانی دراوسێیش لەنێو ببات (ئەمە جگە لەوەی چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوە، دەرفەتی تۆتالیتاریزمی ناوخۆ و سەپاندنی یەکڕەنگی زیاتر دەکات و کۆمەڵگەیش دەخاتە ژێر قەرزێکی ئەبەدیی هێزە کوردییە دەوڵەتخوازەکانەوە). وەڵامێکی تر: بۆ ئەوەی لە ژێردەستەیی و ستەمی ناوخۆ و دەرەکی ڕزگار بین، کۆچ بەرەو وڵاتانێک کە

ڕێـزی لایەنیکەمـی مافـی مـرۆڤ دەگـرن، باشـترین بژاردەیـە، واتـە ببیـن بـە گەلێکـی کۆچـەری وەک جـووەکان. لیڤینـاس بـەم جـۆرە ڕەخنـە لـەم پێشـنیارە دەگرێت: «ڕیشـەی هەڵهاتـن تەنیا لـە خەونی ئەو شـاعیرانەدا نییە کە وێڵی ئەوەن "واقیعـە نزمـەکان" جێ بهێڵن؛ لـە غەمـی دابڕان لـە نەریت و کۆتوبەنـدە کۆمەڵایەتییەکانیشـەوە، کە کەسـایەتیمان دەشـێوێنن و لەنێو دەبـەن، سـەرهەڵنادات. [...] هەڵهاتـن ڕزگارکردنـی خۆمـان لـە هەنـدێ جـۆری ڕەزالەتـی کۆیلایەتـی نییـە کـە لـە ڕێگـەی میکانیزمـە کوێرەکانـی جەسـتەمانەوە بەسـەرماندا سـەپێنراوە؛ [...] ئەمانـە تۆقیـن لـە هەنـدێ پێناسـەی دیاریکـراوی بوونمـان بـۆ دەگوازنـەوە، نـەک بـوون وەک خـۆی. هەڵهاتـن بـە گوێرەی فەرمایشـتی ئەمانـە، گەڕانێکە بـەدوای پەنابەریدا. ئەمـە نەک تەنیا بابەتـی دەرچـوون getting out نییـە، بەڵکوو ڕۆیشتنیشـە بۆ شـوێنێکی دیاریکـراو» (Levinas: ٢٠٠٣, p.٥٣). گـەر لـە باشـترین هەلـی خۆیدا وێنـای دەرەنجامـی کۆچ بکەیـن، ڕەنگە ئەو دۆخـە بێت کـە تێیـدا کۆچبـەر دەگات بـە تێربـوون، بـەڵام هەڵهاتـن بـۆ تێربـوون نییـە. وەڵامـی سـێیەم: بـەرەو نەزمێکـی تـری ئەڵتەرناتیـڤ بۆ دەوڵەتی نەتـەوە، بـۆ ناسـیۆنالیزم و مۆدێرنـەی سـەرمایەداری؛ بـەرەو کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـی؛ بـەرەو برایەتیـی گـەلان.

### ئاشتی

گـەر دوا پێشـنیار جۆرێـک هەڵهاتـن بێـت و نەخشـەڕێگایەکی سیاسـی بێـت، کـە سـەرچاوەکەی فیکـری عەبدوڵـڵا ئۆجالانـە، ئـەی چـۆن لـەو وتـە تێبگەیـن کـە دەدرێتـە پـاڵ ئۆجـالان: "کوردبـوون

قـەدەرە، هەڵهاتـن لێـی نامـەردییـە“؟ چـۆن لـە کوردبـوون، لـەو بوونـەی تاوانبـار دەکرێـت، هەڵبێیـن بەبـێ ئـەوەی ئـەم هەڵهاتنـە ”نامـەردیـی“ بێـت؟ گریمانـەی دەوڵەتگـەراکان ئەمەیـە کـە پێویسـتە کـورد لـە ئێسـتای خـۆی بـەرەو ”دەوڵـەت“ هەڵبێـت. دەوڵـەت وتراوێکـە کـە دواجـار وتـراوی سـوبێکتـە؛ بۆ دەوڵەتگەراکان دەوڵەت شـا-وتراوێکی ڕێکخـەرە و چوارچێوەیـەک بـۆ ڕێکخسـتنی گوتـار و ڕەوینـەوەی سرتەسـرت بـە سـوبێکت دەبەخشـێت. گریمانـەی سـوبێکتگەراکان ئەوەیـە گـەر کـورد ئـەم وتـراوەی هەبێـت، دەبێتـە سـوبێکتێکی (نیمچە)جێگیـر لـە جیهانـدا، دەتوانێـت لـە ماڵێکدا نیشـتەجێ ببێت کـە دەوڵـەت پاراسـتنەکەی مسـۆگەر دەکات؛ پارێزبەندییـەک تـا چیتـر کـوردەکان قوربانـی، قڕکـراو، کۆچبـەر نەبـن. گوایـە دەوڵـەت مافـی سـەروەریی نێودەوڵەتـی دابیـن دەکات؛ ئابـووری و نـەوت و داسـتانی جەنگاوەرانەیـش هـاوکار دەبـن بۆ چەسـپاندنی ئـەم پێگەیە. بە کورتی، کـورد لـە ڕێگـەی دەوڵەتـەوە دەبێتـە سـوبێکتی وتـن، وتنیـش واتـە زمـان، زمانیـش بـە قەولـی هایدیگـەر ماڵـی بوونـە. بـەڵام ئـەم بوونـەی کـە دەچێتـە نێـو دەوڵەتـەوە بـوون نییـە لـە دۆخـی کارایـیدا، بـوون نییە وەک بـوون Being qua Being بەڵکوو بوونـە لـە ڕێگـەی شـتێکی تـرەوە، بوونێکـە کـە دەوڵـەت دەسـتی بەسـەریدا گرتووە. بـوون کراوە بـە پاشـکۆی دەوڵـەت، واتـە تـا دەوڵەتمـان نەبێـت، نابیـن. ئێمـە ئێسـتا دەوڵەتمـان نییـە کەواتـە بوونمـان نییـە. ئەمـە دووپاتکردنـەوەی وتـەی ڕاستیسـتەکانە بەرانبـەر کـورد.

ڕاسـتییەکەی پرسـەکە سـوبێکت نییـە کـە بوونەکـەی بخاتـە نێـو جەوهەرێکـەوە، هـاوکات بوونگەراییەکیـش نییـە کـە جەوهەرێـک

بۆ بوونەکەی درووست بکات و تێیدا ئۆقرە بگرێت. پرسەکە سوبێکتیڤیتەیە کە پچڕان و قەتعە لە جەوهەر یان لە "بوونی پەتی" لە کورد وەک بوونێکی وەستاو و پێناسەکراو لەسەر بنەمای خوێن؛ بە قەولی لیڤیناس سوبێکتیڤیتە گرێچن و هەڵوەشانەوەی گرێچنی جەوهەر و ئەوی تری جەوهەرە (Levinas: ٢٠١١, p.٣٩). سوبێکتیڤیتە وەک کرداری بەردەوامی بەسوبێکتبوون، وەک ڕەوینەوەی ئیگۆ لەنێو سوبێکتسازییدا، بەو واتایەیە کە لە خودی خۆتدا ناچەقیت و ئاوڕت بۆ شوێنێکی تر داوەتەوە. ئەم پچڕانە لە جەوهەر ناوی ئەخلاقە، کە بەرپرسیارێتییە بەرانبەر دراوسێ، تەنانەت ئەگەر دراوسێ هەمان ئیلتیزام لە ئەستۆ نەگرێت: «سوبێکتیڤیتە پێش یان لەولای ئازادی و نا-ئازادییەوە، ئیلتیزامە بەرانبەر دراوسێ، ئەمەیش خاڵی پچڕانە کە تێیدا جەوهەر لەلایەن ناکۆتا [ئەوی تر]ـەوە تێدەپەڕێنرێت» (Levinas: ٢٠١١, p.٤٥). ئەم سوبێکتیڤیتەیە ئەخلاقییە. جا لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتیی لە دەستیاو و ئاڵوگۆڕدا نابینێت، لەبەر ئەوەی لە خۆی دەرچووە و ئاوڕی لە دراوسێ داوەتەوە، کەواتە ئیمکانی مرۆڤایەتییە. وەها مرۆڤایەتییەک لە فیکری لیڤیناسدا ناوی کۆمەڵگەی برایەتییە.

برایەتی fraternity لە مێژوودا لە بوارە کۆمەڵایەتییەکەوە وەک پەیوەندییەکی خێزانی، خزاوە بۆ نێو ئایین و سیاسەتیش و چیتر پەیوەندیی بە پرسە خێزانییەکانەوە نەماوە. لای قەشە پۆڵس، کە هەردوو کایەکە تێکەڵ دەبن، برایەتی بوو بە چەمکێکی تیۆ-سیاسی کە تێیدا ڕزگاریی مەسیحایی وەدیی دێت؛ کۆمەڵی برایان جڤاتێکی نوێی ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵگەی ئیمپراتۆریی ڕۆمانییە. لەگەڵ

ئەوەیشدا، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا باوکایەتیی مەسیحی زاڵ بوو، تاوەکو لە شۆڕشی فەرەنسیدا برایەتی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی باوکایەتی، دەبێتە یەکێک لە درووشمەکانی شۆڕشی سێکیولاریستیی بۆرژوازیی. لەو کاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ برایەتی یەکێک لە دروشمە گرنگە دیموکراسییەکانە لە جیهاندا. بەڵام ئەم دروشمە هەم لە گوتاری ساختەی هێزە هەمەجۆرەکان و هەم بەهۆی جەنگە ناوخۆییەکانەوە، بە تایبەت لە وڵاتانی وەک ئێمەدا، بەشێکی گەورەی مانا و گرنگیی خۆی ون کردووە و دیسانیش کراوەتەوە بە پاشکۆی سیاسەتی باوکایەتی. لە فیکری لێڤیناسدا برایەتی وەک چەمکێکی فەلسەفی ژیان دەکرێتەوە بە بەریدا و لە بەشێکی خڵتە بۆرژوازی و ناسیۆنالییەکانی پاک دەکرێتەوە، دووبارە دەبێتەوە بە چەمکێکی درەوشاوە و بە جۆریک دادەڕێژرێتەوە کە لەلایەک چیتر باوکایەتی بەرهەم نەهێنێتەوە، لەلایەکی تر پەیوەندییە هاوڕێیەتی و دراوسێیەتییەکانیش لەخۆ بگرێت. لێرەوە برایەتی دەبێتە پەیوەندییەک نەک تەنیا لەنێوان برا خوێنی/ڕەگەزییەکاندا، بەڵکوو لە نێوان ئەوانەدا وا برا نین. برایەتیی نە پەیوەندیی خوێنیی بەرەبابێکە و نە گەلەکۆمەی کوڕەکانە بۆ کوشتنی باوکە فرۆیدییەکە، بەڵکوو داهێنانی نەزمێکی دیکەی پێکەوەژیانە لە دەرەوەی نەزمی باوکایەتی. لەم مانا نوێیەدا برایەتی ئاشتیی نێوان ئەوانەیە وا برا نین. ئەم پەیوەندییەیش لە هەرێمێکی هاوبەشی ئینسانەکاندا دادەمەزرێت کە وەک میتافۆڕ ناوی باوکە، بەڵام بە هاتنی کوڕەکان باوک ئەو یەکێتیە پڕ و کامڵە لە دەست دەدات کە هەیەتی. کوڕەکان هەموو کات لە یەک زۆرترن، تەنانەت کوڕێکی تاقانەش.

## نەتەوەی دیموکراتیک: برایەتیی گەلان

برایەتیی گوزارشت لە فرەیی multiplicityـی بوون دەکات لە بەرانبەر تۆتالیتاریزم و یەکایەتیی باوکدا؛ وەختێک دادەمەزرێت کە زیاتر لە یەک هەبێت: «فرەیی لە بووندا، کە تۆتالیتاریزم ڕەت دەکاتەوە، بەڵام فۆرمێکی برایەتیی و گوتار بە خۆیەوە دەگرێت، دەکەوێتە ئەو "فەزا"ـیەوە کە بە شێوەیەکی جەوهەری ناچوونییەکییە» (Levinas: ٢٠٠٧, p.٢١٦). لەنێو ئەم فرەییەدا جۆرێک یەکسانی و عەدالەت هەیە، چونکە براکان، هێندە لەیەک دوورن کە یەکێتییەکی باوکانە پێک ناهێنن و هێندەیش لە پەیوەندییەکی نزیکایەتییدان کە دەتوانن ڕووخساری یەکتر ببینین. برایەتیی پەیوەندییە لەگەڵ ڕووخساردا، ڕووخساریش لە تێرمینۆلۆژیی لیڤیناسدا واتە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بەرانبەر ئەوی تر: «بەرپرسیارێتیی من لە بەردەم ڕووخسارێکدا کە وەک غەریبەیەکی ڕەها لێم دەڕوانێت، فاکتی ئەسڵیی برایەتیی پێک دەهێنێت» (Levinas: ٢٠٠٧, p.٢١٤).

ئەم بەرپرسیارێتییە جیاوازە لە وەعز و ئەمری زۆردارانە کە پتر دیسکۆرسی باوکە. بەڵام لیڤیناس هەر بە سادەیی باوک و کوڕ ناکات بە تیز و ئەنتی تیز. لەبری ئەوە ئاڵۆزییەکی پۆزەتیڤ دەخاتە پەیوەندییەکەیانەوە: لەلایەک، گوزارەی "بە بێ باوک منداڵ نییە" یەکسەر ئەو گوزارەیەش گریمانە دەکات کە بە بێ منداڵیش باوک ناتوانێت باوک بێت؛ منداڵ ئیمکانی باوکایەتییە. بەڵام پرسی برایەتیی خۆی دەچێتە دەرەوەی ئەم هۆکارگەراییەوە.

مادام ڕووخساری ئەویتر من دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریێتی، کەواتە من دەبمە هاوپشتی ئەوی تر [یان هەموو ئەوانی تر]؛ لێرەوە هاوپشتیی واتە ئەوەی دەکرێت هەموو مرۆڤەکان پێکەوە برا یان هەڤاڵ بن. لەلایەکی تر، منداڵ ڕێگای ڕزگاریی باوکە. برایەتیی، ئیگۆی باوکایەتیی لە هەژارییەکی کوشندەی یەک، لە هاوشووناسییەکی مردوو ڕزگار دەکات؛ چونکە منداڵ، گەرچی پەیوەندییەکەی لەگەڵ باوکیدا نەسڕدراوەیە، بەڵام باوک بەرهەم ناهێنێتەوە. بۆ باوک منداڵەکەی هەر خۆیەتی، بۆ منداڵ ئەو هەمان باوکی خۆی نییە، لێرەدا باوک لە یەک کاتدا خۆیەتی و خۆی نییە. لەبەرئەوە لیڤیناس دەڵێت باوک منداڵەکەیەتی؛ پاشان ئەمەیشی بۆ زیاد دەکات: منداڵ غەریبەیە. «کوڕ نە تەنیا کاری منە وەک شیعرێک یان ئۆبێکتێک، نە موڵکی منە. کوڕ کاتیگۆرییەکانی هێز یان مەعریفەیش نییە کە پەیوەندییەکەم لەگەڵ منداڵەکەدا وەسف بکات. توانای وەچەخستنەوە لە مندا نە هۆکاریێتیی [بوونی منداڵ]ـە، نە باڵادەستییە. من خاوەنی منداڵ نیم، من منداڵەکەمم» (Levinas: ٢٠٠٧, p.٢٧٧). بەڵام منداڵ هەمیشە ئەویتریێتیی خۆی دەپارێزێت: «منداڵەکەم غەریبەیە، بەڵام غەریبەیەکە تەنیا لەبەرئەوەی من نییە، چونکە ئەو منە. ئەو منێکی لە خۆم غەریبە» (Levinas: 2007, p.267).

کەواتە باوک بۆیە خۆیەتی و خۆی نییە، چونکە هاوکات منداڵەکەیەتی و منداڵەکەی نییە. لێرەوە باوکایەتی ڕێگایەکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ هەم خۆی بێت و هەمیش خۆی نەبێت؛ واتە ڕێگایەکە بۆ دەرچوونی مرۆڤ لە خۆی بەرەو ئەویتر؛ ئەمەیش بەرپرسیاریێتیی ئەخلاقیی ئاوڕدانەوەیە لە ڕووخساری دراوسێ

کە ئیمکانی برایەتیی دەڕەخسێنێت. کەواتە منداڵیش، لای خۆیەوە، گەرچی ئەویتریێتیی خۆی دەپارێزێت، بەڵام تاکەکەسێکی دابڕاو و بێ پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی تردا نییە، چونکە لە ڕێگەی باوکەوە لە ڕووبەرێکی هاوبەشدایە لەگەڵیاندا. بەم جۆرە باوک وەک دەسەڵات نا، بەڵکوو وەک فاکتی هاوبەشێتیی براکان، ڕێگرە لە کایۆسی تاکگەرایی و ئیگۆییزم، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆیشی لە خۆی دەرچووە، ناتوانێت هەموویان لە یەکێتییەکی ڕەقدا پێکەوە بچەسپێنێت؛ لێرەوە برایەتیی واتە هاوبەشیی و مەودا، واتە پێکەوەبوون-جیاوازیی:

«برایەتیی مرۆیی دوو لایەنی هەیە: لەلایەک ئەو تاکگەراییانە دەگرێتەوە وا لە ڕووی لۆژیکییەوە تەنیا لە دۆخی جیاوازییە بنجبڕ و تەواو لێکدابڕاوەکاندا کورت نابنەوە؛ بە جۆرێک کە تاکایەتی هەریەکێکیان بگەڕێتەوە بۆ خۆیەتیی هەریەکێکیان. لەلایەکی تر، لە برایەتییدا باوکێکی هاوبەش هەیە وەک بیرۆکەی پێکەوەیی نەتەوەیی کە [ئەم باوکە هێندە بەهێز نییە] وەک پێویست هەموویان پێکەوە بنووسێنێت. پێویستە کۆمەڵگەیەکی برایانە هەبێت تاوەکوو لەگەڵ سەقامگیرییدا تەبا بێتەوە، لەگەڵ نزیکایەتییەکی بەراییدا، کە تێیدا ڕووخسار خۆی بۆ پێشوازیی من دەردەخات» (Levinas: 2007, p.214).

پێشوازیی لە سیمای ئەویتر بە فەرمانی "مەکوژە"وە، وەک لوغزێک کە ناتوانم ئاسیمیلەی بکەم و نایشتوانم لە تەنیایی خۆیدا فەرامۆشی بکەم، پەیوەندییە دەسەڵاتگەرییەکان دەگۆڕێت بۆ یەکسانی و عەدالەت، کە پتر خەسڵەتی پەیوەندیی برایەتین. مرۆڤایەتیی لە برایەتییدا ئاوەڵا دەبێت؛ ئەمە تاکە شتێکە کە

شایەنی خەبات و بەرخۆدانە. تێزی نەتەوەی دیموکراتیک هەرگیز دەستهەڵگرتن لە خەبات و ڕازیبوون بە سەردەستیی ئەوانی تر نییە، بەڵکو ئاواکردنەکەی پێویستی بە ڕادیکاڵترین "خەبات"ـە. خەبات گەر بۆ ئاشتی نەبێت، دەبێت بە "جەنگ". جەنگیش تەنیا وێرانکاری و نەهامەتی دەهێنێت. تەنیا خەبات (هەر وەک هونەر) شتێکی نوێ دەهێنێت.

ئاواکردنی برایەتیی گەلان یان نەتەوەی دیموکراتیک لەبری بەرهەمهێنانەوەی دەوڵەت-نەتەوە و کینەی ناسیۆنالیستی، نەک تەنیا دەستبەرداربوون لە کوردبوون نییە، بەڵکوو ڕێگای کەینونەی کوردبوونە؛ هاوکات هەڵاتن لە کوردبوونێک کە وەک "هەبوو" هەیە، نەک نامەردی نییە، بەڵکوو ڕێگایە بەرەو کوردبوونێکی دیکە کە چەند خۆی هێندەیش مرۆڤایەتی ئاوا دەکات. بەڵام کورد یادەوەریی خۆشی لە ئەزموونی برایەتییدا نییە؛ بەردەوامیش ئەرگومێنتەکە ئەوەیە کە من دەبمە برای دراوسێکەم، ئەو نابێتە برام. وەختێک جەلـلاد هەبێت، برایەتییەک لە ئارادا نییە. ئەمە تاڕادەیەک درووستە، بەڵام هاوکات بەو مانایەشە ئەوی تورک، فارس، عەرەب، ناتوانێت لە قۆزاخەی بوونەکەی خۆی دەربچێت و ئیمکانی مرۆڤایەتیی ئاوەڵا بکات؛ ئەو هەڵگری ئایدیا و پۆتێنشیالێتییەک نییە کە بشێت گۆڕانی ڕیشەیی لە نەزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک بهێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەم گۆڕانە لە لۆکاڵێکیشدا بێت.

ئەگەر برایەتییەک، ئاشتییەک، پێکەوەبوونێک مومکین بێت، ئەوا لەنێوان "دەوڵەت"اندا نییە، بەڵکوو لەنێوان گەلاندایە؛ بەم پێیە ئایدیای برایەتییەک کە کورد دەتوانێت هەڵگری بێت و هەر

ئەوەیە کە عەبدوڵڵا گۆران لە شیعری چیرۆکێکی برایەتیدا گوزارشتی لە ناوەڕۆکەکەی کردووە و عەبدوڵڵا ئۆجالان لە سیاسەتدا، لە تێزی نەتەوەی دیموکراتیکدا دایڕشتووە. هەردوو عەبدوڵڵاکە هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم برایەتیی و دیموکراتییە ئاوا دەکات دەوڵەتمەدارانی ئۆلیگارشی نین، بە پێچەوانەوە، ئەوان چەوسێنەرەکەن، چارەسەرەکەیش بۆ هەڵهاتنە لەو شێوازە ژیانە پڕ لە ڕەنج و جەنگ و کینەی وا ئەوان، کە لە مۆێرنەی سەرمایەداریدا دەوڵەتی نەتەوەیە، لە مێژووی خۆیاندا لەسەر گەلان زاڵیان کردووە:

«ڕێگەچارەی دیموکراتییانە لە ناوەڕۆکدا دیاردەی بوون بە نەتەوەی دیموکرات و خۆبونیادنانی کۆمەڵگەیە بە شێوەی کۆمەڵگەی نیشتمانی-نەتەوەیی دیموکراتیک. [...] نەتەوەی دیموکرات ئەو کۆمەڵگە هاوبەشەیە کە تاک و جڤاتە ئازادەکان بە ئیرادەی خۆیان پێکیان هێناوە. هێزی یەکگرتن لە نەتەوەی دیموکراتدا ئیرادەی ئازادی جڤات و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە بڕیاری ئەندامبوونی هەمان نەتەوەیان داوە. [...] مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە تەواو تەڵە و تۆڕێکی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی کۆمەڵگاکانە. دەستەواژەی نەتەوەی دیموکرات ئەو پێناسەیە پێچەوانە یان سەراوژێر دەکاتەوە. پێناسەی نەتەوەی دیموکرات گرێدراوی سنووری وشکی سیاسی، ڕاڤەی یەک زمان، یەک کلتوور، یەک ئایین و یەک مێژوو نییە، بەڵکوو گوزارشت لە ژیانی هاوبەش و هاوکاری جڤات و هاووڵاتییە ئازاد و یەکسانەکان دەکات» (ئۆجالان، ٢٠٠٩، ل٤٨٢-٤٨٣)[٢].

---

٢- تێبینی: کۆتەیشنەکەم بە هەمان ڕێنووسی کتێبەکەی ئۆجالانەوە گواستووەتەوە. نووسەر

# سەرچاوەکان:

1- Emmanuel Levinas: On Escape, Translated by Bettina Bergo, Stanford University Press, Stanford, California, 2003.

2- Emmanuel Levinas: Totality and Infinity, An Essay on Exteriority, Translated by Alphonso Lingis, Duquesne University Press, Pittsburgh, Pennsylvania, 2007.

3- Emmanuel Levinas: Being Jewish, in 'Scholem: Major Trends in Jewish Mysticism', Jerusalem: Schocken Publishing House, 2nd ed, New York, 1946. https://jst.ufl.edu/files/2018/08/beingJewish.pdf

4- Emmanuel Lévinas: Jenseits des Seines oder anderes als Sein geschehen, Übersetzen von Thomas Wiemer, Verlag Karl Alber Freiburg, München, 2001.

5- Giorgio Agamben: Creative and Anarchy- The work of Art and the Religion of Capitalism, translated by Adam Kotsko, Stanford University Press, Stanford, California, 2019.

٦- عەبدوڵڵا ئۆجالان، کێشەی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیک، لە ناو بەرداشی ژینۆسایدی کولتوویدا بەرگریکردن لە کورد، مانیفێستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، پەرتووکی پێنجەم، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩.